# فيقهی ئاسان: پەرتووكی مامەڵەكان: دەروازەی دووەم: لەبارەی سوو ( ڕیبا ) وە

## الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثاني : في الربا

< kurdish - كردي - كوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی سوو ( ڕیبا ) وە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و درود وسەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم وتارەدا باسی چوار بابەت دەکەین لە بارەی سوو (ڕیبا ) وە، بابەتی یەکەم : پێناسەی سوو ( ڕیبا ) وحوکمەکەی، بابەتی دووەم : حیکمەت لە حەرام بوونی سوو (ڕیبا ) ، بابەتی سێهەم جۆرەکانی سوو ( ڕیبا )، بابەتی چوارەم : چەند نمونەیەك لە بارەی هەندێك لەشێوەکانی سوو ( ڕیبا ).

### بابەتی یەکەم : پێناسەی سوو ( ڕیبا ) وحوکمەکەی .

#### أ-پێناسەکەی :

سوو ( ڕیبا ) لە زمانەوانیدا بە مانای زیادە دێت .

لە زاراوەی شەرعیشدا بە مانای : زیادە لە یەکێك لە بەدەلە هاوشێوەکاندا دێت، بەبێ ئەوەی ئەو زیادەیە قەرەبوویەکی هەبێت .

#### ب-حوکمەکەی :

سوو ( ڕیبا ) لە قورئانی پیرۆزدا حەرامە، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی :

﴿ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ ﴾ [ البقرة: ٢٧٥ ] .

واتە : خودا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوە، بەڵام سوو خواردنی حەرام کردوە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ [البقرة: ٢٧٨ ] .

واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە! پارێزکار بن و خۆتان بپارێزن و، ئەو سووانەی کە لەسەر خەڵك ماوەتەوەو هێشتا لێتان وەرنەگرتوون _ ئەگەر بەڕاستیی خاوەن ئیمانن و باوەڕتان بە خوداو بە پێغەمبەری خودا هێناوە_ دەستیان لێ بشۆن و وازیان لێ بێنن و وەریان مەگرنەوە .

خوای گەورە هەڕەشەی توندی کردووە لەو کەسانەی کە مامەڵە بە سووەوە دەکەن، وەك لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ﴾ [ البقرة: ٢٧٥ ] .

واتە : ئەوکەسانە سوود ئەخۆن، (دینارێك بە دوودینار ، یان بە زیاتر دەدەن) کە لە گۆڕ دەنرێن پاشان زیندوو ئەکرێنەوەو ڕاست دەبنەوە وا دەبنەوە هەر دەڵێی شەیتانەکان دەستیان لێ وەشاندوون .

ئەو کەسانەی کە مامەڵە بەسوو خۆریەوە دەکەن، کاتێك کە لەگۆڕەکانیان دەردەهێنرێن و زیندوو دەکرێنەوە، خوای گەورە چوواندونی بەکەسێك کە تووشی پەرکەم وفێ بووبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سك و ورگیان لەبەر زۆر سوو خواردن لە دونیادا گەورە بوو بوو .

پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) سوو خواردنی بە یەکێك لە گوناهە گەورەکان هەژمار کردووە، لە هەمان کاتدا نەفرینی کردووە لەتەواوی ئەو کەسانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵە بە سوو دەکەن، جابیری کوڕی عەبدوڵلا ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە و دەڵێت : { لعن رسول الله – صلى الله عليه وسلم – آكل الربا، وموكله، وكاتبه، وشاهديه، وقال : هم سواء } (1) .

واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردووە لەو کەسانەی کە سوو دەخۆن – ئەو کەسانەی سوو وەردەگرن - و، ئەو کەسانەش کە یارمەتیدەری سوو خۆرەکانن – ئەو کەسانەی سوو دەدەن - و، نەفرین لەو کەسانەش کە نووسەر وشاهیدی گرێبەستی سوو خۆرین و، فەرموویەتی : هەموویان یەکسانن .

ئوممەتی ئیسلامیش هەمووی گۆدەنگن لەسەر حەرامی سوو خواردن .

(1) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (101) ڕیوایەتی کردووە .

### بابەتی دووەم : حیكمەت لە حەرام بوونی سوو ( ڕیبا ) :

مامەڵەكردن بەسوو مرۆڤ فێری خود پەسەندی دەكات و، هانی ئەوەی دەدات كە بەهەر جۆرێك بووە ماڵ وسەروەت وسامان كۆ بكاتەوە، ئەگەر بەڕێگای ناشەرعیش بووبێت، بۆیە حەرامكردنی سوو یەكێكە لە ڕەحمەتەكانی خوای گەورە لەگەڵ بەندەكانی، چونكەمامەڵە كردن بە سوو ماڵی خەڵك خواردنە بەبێ بەرامبەر، چونكە ئەو كەسەی كە پارە و ماڵ وسامانی دەدات بە سوو بە كەسانی تر، ماڵی خەڵكی دەخوات بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ سوودێكیان پێ بگەیەنێت، هەروەها سوو خواردن دەبێتە مایەی ئەوەی ماڵ ودارایییەكی زۆر لای چەند كەسانێكی دەوڵەمەند ودەست ڕۆیشتوو كەڵەكە ببێت لەسەر حیسابی هەژاران و نەدارانی كۆمەڵگە، بۆیە دەبینیت سوو خواردن كەسی سوو وەرگر لەسەر تەمەڵی و تەوەزەلی ڕادەهێنێت و، دووری دەخاتەوە لە كەسابەت و مامەڵەی حەڵاڵ و، دەبێتە هۆی ئەوەی كە خەڵكی دوور بكەونەوە لە چاكە كردن لەگەڵ یەكتری و، ڕێگریەكی گەورەشە لەبەردەم قەرزی حەسەنە بەكەسانێك كە پێویستیان پێیەتی، لە هەمان كاتدا سوو خواردن دەبێتە هۆی ئەوە كەسانێكی سوو خۆر دەست بگرن بەسەر سەروەت وسامان و ئابووری ئومەتی ئیسلام دا ، گومانیشی تێدا نیە كە سوو خواردن سەرپێچییەكی گەورەی پەروەردگارە، خۆ ئەگەر سوو خواردن بە ڕواڵەت ماڵ وسامانی سوو خۆر زیاد بكات، بەڵام خوای گەورە بەرەكەتی تێدا هەڵدەگرێت ، هەروەكو فەرموویەتی : ﴿ يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ ﴾ [ البقرة : ٢٧٦ ] .

واتە : خودا خێرو بەرەكەت لە سوو هەڵدەگرێت و سەراپای دەبێتە مایەی زیان و نەهامەتی، لەبەرانبەریشەوە بەرەكەت و زیادی خۆی دەخاتە سامانێكەوە كە بەخشینی تێدا دەكرێت و، یارمەتی هەژارانی پێ دەدرێت.

**بابەتی سێهەم : جۆرەکانی سوو ( ڕیبا ) :**

**یەکەم : سووی زیاتر ( ربا الفضل)**

ئەم جۆرە سووەیش بەوە دەبێت کە دوو کاڵای ڕیبەوی هاوشێوە بگۆڕدرێتەوە، بەڵام یەکێکیان زیاتر بێت لەوی تریان .

نمونەکەی : کەسێك هەزار ڕبە گەنم لەکەسێکی تر بکرێت، لەبەرامبەردا هەزار و دوو سەد ڕبە گەنمی بداتێ و، هەردوو لایش لەو کۆڕەی کە گرێبەستەکەی تێدا کراوە گەنمەکانیان وەربگرن، ئەو دوو سەد ڕبە گەنمە زیادەیە هیچ بەرانبەرێکی نییە، بەو زیادەیە دەوترێت ( الفضل ) .

**حوکمی ئەم جۆرە :** شەریعەتی ئیسلام ئەم جۆرە ڕیبایەی لەشەش شتدا حەرام کردووە، زێر، و زیوو، و گەنم، و جۆ، وخورما، وخوێ، جا ئەگەر هاتوو یەکێك لەم شتانە فرۆشرا بە یەکێك لەهاوشێوەکانی، ئەوا زیادە وجیاوازی لە نێوانیاندا حەرامە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { الذهب بالذهب, والفضة بالفضة, والبر بالبر, والشعير وبالشعير, والتمر بالتمر, والملح بالملح, مثلا بمثل, يدا بيد, فمن زاد أو استزاد فقد أربى, الآخذ والمعطي سواء } [(1)] .

واتە : زێر بە زێر، وزیوو بە زیوو، گەنم بە گەنم، وجۆ بەجۆ، وخورما بە خورما، وخوێ بەخوێ، دەبێت وەك یەك ودەست بەدەست بگۆڕێنەوە بەیەکتری، جا ئەگەر زیاد بوو، یان داوای زیادی لێکرا، ئەوە سوو خواردنە، وەرگر و بدەریش وەك یەك گوناهبارن .

جا هەر شتێکی تریش وەك ئەم شەش شتە وابن لە عیلەت و هۆکاردا، ئەوا زیادە وەرگرتن تێیدا حەرامە .

**عیلەتی ڕیبا لەو شەش شتەی باسمانکردن :** کێشانە وپێوانەیە، کێشانە بە تەرازوو، پێوانەیش بە ڕبە وهاوشێوەکانی، بۆیە سوو و ڕیبا وزیادە وەرگرتن لە هەموو شتێك کە بکێشرێت و بپێورێت حەرامە .

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2175، 2176) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1584) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

**دووەم : سووی قەرز :**

ئەمەیش بریتیە لەوەی یەکێك لەو شتانەی کە دەگۆڕدێتەوە زیاتر بێت، لەبەرانبەر ئەوەی ئەوی تریان دواتر ڕادەست بکرێت بکرێت، یان دواخستن لە وەرگرتنی فرۆشتنی هەر دوو جۆرێکدا کە هاوشێوەی یەکتر بن لە عیلەتی ڕیبای فەزڵدا، بە شێوەیەك یەکێك لەو دوو جنسە نەختینەو کاش نەبێت .

نمونەکەی : کەسێك هەزار ڕبە گەنم بفرۆشێت بەکەسێکی تر بە هەزار ودوو سەد ڕبە گەنم بۆ ماوەی ساڵێك، ئەو دوو سەد ڕبە گەنمە زیادەی کە فرۆشیارەکە دواتر وەری دەگرێت، لە بەرامبەر ئەو ساڵەدایە کە بەرامبەرەکەی دوایخستووە، یان کیلۆیەك جۆ بفرۆشێت بە کیلۆ ونیوێك گەنم، بەڵام لەو مەجلیسەشدا دەست بەدەست لەیەکتری وەرنەگرن .

**حوکمی ئەم جۆرە :** حەرامە، چونکە ئەو دەقانەی قورئان وسوننەت کە باس لە حەرامی سوو و ڕیبا دەکەن بە پلەی یەکەم شمولی ئەم جۆرەی ڕیبا دەکەن، چونکە ئەم جۆرەی ڕیبا لەسەردەمی جاهلیدا لەناو عەرەبەکاندا زۆر باو بووە، هەر ئەم جۆرەیشە کە بانکەکان لەم سەردەمەی خۆماندا مامەڵەی پێوە دەکەن .

هەر لەو فەرموودەیەی کە ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردبوو، هاتووە کە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : {ولا تبيعوا منها غائبا بناجز}, واتە : ئەوەی غائب و ئامادە نیە لەو شتانە مەیفرۆشن بەوەی حازر و ئامادەیە، لە لەفزێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە : { ما كان يدا بيد فلا بأس، وما كان نسيئة فهو ربا} (1), واتە : ئەگەر هاتوو دەست بەدەست بوو، کێشە وگرفت نیە، بەڵام ئەگەر هاتوو یەکێکیان قەرز بوو، وە ئامادە نەبوو لەکاتی گۆڕینەوەکەدا ئەوە دەبێتە سوو وڕیبا .

**بابەتی چوارەم : چەند نمونەیەک لە بارەی هەندێک لەشێوەکانی سوو ( ڕیبا ) وە**

لە ڕوانگەی جێ بەجێکردنی ئەم بنەمایە و ئەوەیشی ئەم بنەمایە دەیگرێتەوە کە دواتر باسی دەکەین، تەواوی کێشەو پرسەکانی سوو وڕیبامان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لەگەڵ ئەو مامەڵانەی کە موباح

(1) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (1589) ڕیوایەتی کردووە .

ودروست و شەرعین، قاعیدەکەش ئەمەیە : ئەگەر هاتوو هەر کاڵایەکی ڕیبەوی [1] فرۆشرا بە هاوشێوەیەکی خۆی، دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت :

1- هەردوولایەن لە مەجلیسی گرێبەستەکەدا پێش ئەوەی لەیەك جودا ببنەوە ئەو شتەی کە دەیفرۆشن و دەیگۆڕنەوە لەیەکی وەربگرن .

2- یەکسانی لە نێوانیاندا بەو پێوەرەی کە شەرع دەستنیشانی کردووە، پێوانە بە پێوانە و، کێشانە بە کێشانە .

بەڵام ئەگەر کاڵایەکی ڕیبەوی بە کاڵایەکی تری ڕیبەوی بە غەیری هاوشێوەی خۆی فرۆشرا، ئەو کاتە یەکێك لەو دوو مەرجە پێویستن، ئەویش ئەوەیە پێش جودا بوونەوە کاڵاکان لەیەکتر وەربگرن و، یەکسان بوون تیاندا مەرج نیە، بەڵام کاڵایەکی ڕیبەوی بە کاڵایەکی غەیری ڕیبەوی فرۆشرا ئەوا دروستە دانەیەکیان لەوی تریان زیاتر بێت، ودروستیشە پێش وەرگرتنی کاڵاکانیش لێك جودا ببنەوە.

ئەمەش چەند وێنە و نمونە وئەحکامێکە لەم بارەیەوە :-

1- سەد گرام زێری فرۆشت بە سەد گرام زێری تر کە دوای مانگێك تەسلیمی بکات، حەرامە ودروست نیە، و ڕیبایە، چونکە لە مەجلیسی گرێبەستەکەدا وەریان نەگرتووە .

2- کیلۆیەك جۆی کڕی بە کیلۆیەك گەنم، دروستە کاڵاکان لیك جودابن، بەڵام مەرجە لە مەجلیسی گرێبەستەکەدا لەیەکتری وەربگرن .

3- ئەگەر هاتوو پەنجا کیلۆ گەنمی فرۆشت بە شەکە مەڕیك، بە ڕەهایی دروستە، جیاوازی نیە ئەگەر لەو مەجلیسەدا لەیەکتری وەربگرن یان وەرینەگرن .

4- سەد دۆلاری فرۆشت بە سەد و دە دۆلار، حەرامە و دروست نیە .

5- هەزار دۆلاری بەقەرز وەرگرت بۆ ماوەی مانگێك، بەو مەرجەی دوای مانگێك یان زیاتر هەزار ودوو سەد دۆلاری بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەمەش دروست نیە .

(1) مەبەستی لێی یەکێك لەو شەش جۆرەیە کە لە فەرموودەکەی ئەبو سەعیدی خودریدا باسکران .

6- سەد درهەم زیوی فرۆشت بە دە جونەیهی زێڕ، بەو مەرجەی دوای ساڵێك تەسلیمی بكات، درووست نیە، چونكە مەرجە لەو مەجلیسەدا دەست بەدەست لەیەكتری وەربگرن .

7- دروست نیە كڕین وفرۆشتن ومامەڵە كردن بە پشكی بانكە ڕیبەویەكانەوە، چونكە دەچێتە چوار چێوەی فرۆشتنی نەقد بە نەقد، بەبێ ئەوەی یەكسان بن و لەیەكتریشی وەربگرن .

لە كۆتاییدا لەخوای گەورە داواكارین، هەموو لایەكمان بپارێزێت لە مامەڵە كردن بە سوو خواردن و سوو وەرگرتن و، یارمەتیدەرمان بێت لەوەی بە پارووی حەڵاڵ ماڵ ومناڵمان بەخێو بكەین ..

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.